## راپۆرتە هەواڵێکی گرنگ لە سەر تیرۆرکردنی دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف

لەلایەن kurdistanpost on March 17,2008

AAA


هەواڵی پەیوەندیدار

» گەشتێك بۆ شاری ئەشرەف
لەلایەن kurdistanpost نوسراوە لە Jun 22,2008

» نەوشیروان مستەفا خەریکی چییە؟
لەلایەن kurdistanpost نوسراوە لە Mar 01,2008

» کێ ئەتوانێ باشووری کوردستان بپارێزێ؟
لەلایەن kurdistanpost نوسراوە لە Mar 03,2008

» دادگای نێو دەوڵەتی بۆ (سەرانی کورد) بۆچی؟
لەلایەن kurdistanpost نوسراوە لە Apr 21,2008

» کۆسرەت رەسول لە سەرکەوتنەوە بۆ شکستیی
لەلایەن kurdistanpost نوسراوە لە Apr 18,2008





پەیامنێری کوردستانپۆست

لە 5-3- 2008 ، پاش تیرۆرکردنی د. عبدالستار تاهیر شەریف لە کەرکوك، بۆچوون و رای جیاجیا هاتنە ئاراوە سەبارەت بەم کارە تیرۆریستییە کە دەرهەق بە کەسێك کرا، جگە لە پێنووسەکەی و مێژووەکەی کە هەڵبەز و دابەزیی زۆری کوردایەتی تێدابووە ، هیچی دیکەی نەبووە.

دکتۆر بە هۆکاری نزیکبوونی لە کێشەکانی ئەوسای بزاڤی چەکداری کورد، کە مەلا مستەفا سەروکاری دەکرد، دواتریش باڵی مەکتەبی سیاسیی هاتە سەر خەت و شکستە یەك لە دوایەکانی ئەم باڵە و دوواجاریش جیابِوونەوەی برایم ئەحمەد و بەجاشبوونی جەلال تاڵەبانی کە ئەم دووانە پێشەنگییان دەکرد، بە دووایدا کۆمەڵی  ٍ نهێنی زۆری لە هەست و دەروون و ویژدان، لە لای د. عبدالستار تاهیر شەریف قەتیس مابوون، نەدرکاندنی تووشی نارەحەتییەکی نەفسی گەورەی کردبوو.

کەسانی نزیکی دکتۆر بە کوردستانپۆستیان راگەیاند، کە هەمیشە لە بارێکی سایکلۆژی ناجێگیردا بووە، کەسێك بووە لێوان لێو  لە نهێنی کە، درکاندنیان ئاسۆیەکی زۆر رووناکی لە بەردەم نەوەی تازە سەبارەت بە ماهیەتی دەسەڵاتی ئیمرۆ دەکردەوە، هەر بۆیە هەموو خەمێکی درکاندنی ئەو راستییانە بوو، جا دیارە ئەم راستیانەش لە دیدگای خۆیەوە بوو.

لە دیمانەکانی د. عبدالستار تاهیر شەریف  کە لەگەڵ (لڤین)دا ئەنجامی دا، یەك راستی دووپات دەکردەوە، کە لای هەموو یا زۆرینەی خەڵك،زانراون و دەووترێتەوە  ، بەڵام رەنگە ئاوا بەزەقی نەدەووترا، ئەویش، ئەوەی سەلماند، کە ئەوەی کراوە شۆرش نەبووە، بازرگانی کردن بووە، بە کێشەی نەتەوەیەک. بەراستیش وایە، هەمیشە خەڵکی کوردستان، چاکترین سووتەمەنیی و کەرەستەی 3 بنەماڵەبوون و وەکوو کۆمەڵێک مافیا، بازرگانیی و یارییان بە چارەنووسی میللەتێک کردووە. کورد هەمیشە بۆتە سووتەمەنی ئەو دەسەڵاتە، کە ئێستا وەکو دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی مافیا،  ناسراون. کێ هەیە دوو دڵ بێت لەوەی کە تاڵەبانی وەکوو سیخوورێکی نێودەولەتیی، بە خۆی و بنەماڵەکەیەوە بازرگانی بە دۆزی رەوای نەتەوەیەك نەکردبێت، کە جگە لە نەهامەتی لە سەر دەستی ئەوانەدا هیچ دەسکەوتێکی سیاسییان نەبووە؟ د. عبدالستار تاهیر شەریف  ئەو راستییەی درکاند و رووبەڕوو... راستییەکی دیکەش کە زۆر گرنگ بوو، کاتێ باس لە پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق (رژێمی سەددام) و هەردوو بەناو سەرکردەی کوردانی دەکرد.

رژێمی سەددام ئەوەندە کاریگەریی لە نێو رێکخستنەکانی کورد، بە تایبەتی یەکێتی و پارتیدا هەبووە، بە

جۆرێک توانیبووی زۆر بە هاسانی درێژە بە شەری ناوخۆ بدات لە شاخدا، تەنانەت لە شاریشدا پاش راپەرین. هەردوو سەرکردەی کورد، جەلال و مەسعود کاریان بۆ سەددام و ڕژێمەکەی کردووە و فایلی قەبەداریشان لە دەزگا موخابەراتیی و سیخورییەکاندا هەبووە، ڕۆژێکیش دێت هەمووی دەکەونە ڕوو.

قەتل و عامی شیوعییەکانی قرناقە وپشتئاشان بە فەرمانی حکومەتی عێراقی بووە، کە جەلال تاڵەبانی جێبەجێیکرد. ئەم راستییە ئاسۆیەکی زۆر لە بەردەم ماهیەتی ئەو دەسەڵاتەی ئیمرۆ دەکاتەوە، چونکە ئەگەر ئەم راستتیە زانرا، ئەوا بەلاتەوە سەیر نابێت:

1- ئەو هەموو فایلدارانەی نێو یەکێتی و پارتی کە بۆچی نەك هەر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکران، بەڵکو بە چەپلەڕێزان و پەنجەی ئۆکەی داوای مانەوەیان بۆ کرا و پۆستی گرنگتریان پێبەخشرا.

2- جار جارە باس لە هۆکاری سەرەکی بۆمبابارانکردنی کیمیایی هەڵەبجە دەکرێت و دەخرێتە ئەستۆی جەلال تاڵەبانی، چونکە ئەو بوو لە سایەی سیاسەتێکی نادروست، دەستی ئێرانی گرت و هێنایە نێو هەڵەبجە، تا وای کرد سەددام ئەو تاوانەی ئەنجامدا.

3- بۆ مەسەلەی ژینوساید و ئەنفالی کوردیش بە هەمان شێوە، مەسعود و ئیدریس هوکاربوون کە تێکڕا بارزانییەکان ئەنفالکرا، دیسان پەنجەش بۆ جەلالیش ڕادەکێشرێت کە ئەو هۆکاری ئەنفالی گەرمیانە، ئەم دوو کەسە تاوانباری سەرەکین، چونکە پەلکێشکردنی هێزەکانی ئێران لە دژی عێراقی سەددام، هۆکار و فاکتەر و هاندەری سەرەکی بوون بۆ قەتل و عام و ئەنفالکردن. کاتێک ئەو راستییە زانرا، لێخۆشبوون لە سوڵتان هاشم گەورەتاوانباری ئەنفال، باشتر هەرسدەکرێت. خۆراییش نییە ئەم دوو سەرکردەیە، هێندە بە تەنگ ئەنفال و کیمابارانی کوردەوە نایەن، چونکە خۆیان بەشێکن لەو تاوانە، دەیانەوێت ئەو کارەساتە لە بیر بچێتەوە و مێژوو ئەمەیان بە سەردا ساغ نەکاتەوە و وەکوو تاوان بۆیان نەنووسرێت.

4- سەرباری هەموو ئەوانەش دیارە، سەیر نابێت کە تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، هیچ هێزێکی کوردستانی باشوور و پارچەکانی دیکە نەما، لێیان نەکوشتبن و دەربەدەریان نەکردبێتن. هەموو ئەوانەش دەکرا بە پیلان و رەسمی دەزگا جاسوسییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دیارە لە پێش هەمووانەوە، رژێمی سەددام بوو. مەکتەبە سیاسییەکانی یەکێتی و پارتی، بریتی بوون، ئێستاش هەر وایە، کە بریتین لە هۆبەکانی موخابەراتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا.

5- بۆ کەرکوك ماددەی 140 یش بەهەمان پێودانگ، دەتوانرێت شیکاری بۆ بکرێت، کە بۆچی کەرکوك و ماددەکەی بۆتە مەحاڵ لە جێبەجێکردن و گەڕانەوەی بۆ سەر باشوری کوردستان، ئەگەر سەیری تاڵەبانی بکەین، ئەوەندە پەرۆشە بۆ تورکمانەکان، ماڵە کوردێکی لەو شارەدا بە لاوە گرنگ نییە ، ئەگەر یەك ماڵە تورکمان بێشوێن بێت، شوێنی کوردێکی پێدەدا، بەڵام هەزاران ماڵی تازە گەڕاوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ژێر خیوەتدا رۆژ دەکەنەوە، هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت، دیارە تەنانەت وەك مرۆڤیش مامەڵە ناکرێن. ئەمە هەر لە خۆرا نییە، بەڵکو بەجێهێنانی فەرمانی تورکیایە بۆ تاڵەبانی، تا پیلانەکەیان جێبەجێ بکات، ئەگینا هیچ لێکدانەوەیەکی مەنتقی نادۆزینەوە لە هەڵسوکەوتی کەسێکی وەکو جەلال تاڵەبانی، کە بە دوو پێودانگ لە تەك پرسەکان مامەڵە بکات.

جا ئەگەر بێینە سەر درکاندنی راستییەکان و کردەی تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف، بۆیە دەستهێنانی بەڵگە و رۆژ و شوێن، کارێکی ئەوەندە قورس نابێت تها بکوژەکانی دەستنیشان بکرێت.بەرژوەندی چ لایەنێک لە پشت کوشتنی دکتۆر دایە؟!.

ئەو کەسانە یا لایانانە لە درکاندنی راستییەکان دڵگرانن . ئەو لایەنانەن، کە لە تەك چەواشەکاریی و شاردنەوەی راستییەکاندا دەیانەوێت بازرگانی بە دۆزی رەوای میللەتێك بکەن، ئەوانە پێیان وایە کە لە هێنانە سەربەرەی کارە خیانەتکارییەکانیان، گەورەترین زەرەر دەکەن، بۆیە هەست بەمەترسییەکی گەورە دەکەن، کاتێ کەسێک راستییەك کە چەندە بچووکیش بێت بیدرکێنێت.

کپکردنی دەنگەکان، لەلایەن ئەو دوو بنەماڵە مافیایەوە، مێژوویەکی تاڵی هەیە، ئەوەندەی دەنگیان کپکردووە، هەرگیزدەنگێکیان ئازادنەکردووە و، رێگەیان بە درکاندنی راستتیەکان نەداوە، سیاسەتی کپکردنی دەنگەکان، رەوتێکی پێوەلکاوی ئەو دوو دەسەڵاتە مافیایەیە.

عەبدالستار تاهیر شەریف، چەند بە تەمەنیشدا چووبێت، رێز لە تەمەنەکەی ناگیرێت، ئەگەر راستییەکان ئاشکرا بکات، یان هەوڵ بدات راستییەکان بدرکێنێ، ئاخر ئەگەر عارف قوربانی بێدەنگ نەبوایە، حەتمەن ئەویش چارەنووسی وەکو عەبدالستار تاهیر شەریف دەبوو، (ستران)ێك کە تەواو پیاوی دەسەڵاتە و قەڵەمجاشە، کەچی باس لە هەندێ لە نیوە راستییەکانی بنەماڵەی مافیای بارزانی کرد، ریسوایانکرد، دەیەها نموونە، کە دەکرێ بۆ رێزلێنان ناوی رەئوف ئاکرێی بهێنینەوە، کە چۆن لە سەر راستی ووتن، کەریم سنجاری و پاراستن خەڵتانی خوێنیان کرد. نموونەکان وەکوو ووتمان زۆرە، بۆتە دیاردەیەك و بە باڵای دەسەڵاتی مافیاوە داڕاوە، وەك ستراتیژێك دەبینرێت، دەکرێ ناوی لێبنێین : (ستراتیژی شاردنەوەی راستییەکان). لە نێو ئەو ستراتیژەدا تیرۆرکردن وەك چارەسەرێکی کۆتایی دەبینرێت. دکتۆریش لە نێو ئەو ستراتیژەدا جێگای بۆ کرایەوە و تەنها دوو گفتوگۆی ڕۆژنامەوانیی، (پێش ئەوەی بەشی سێیەم بڵاوبکرێتەوە)، بووە مایەی نەمان و تیرۆرکردنی.

ماوەتەوە باس لە شێواز و ئالیەتی لە نێوبردنەکە بکەین، کە ئەمەش بەلای کوردستانپۆستەوە گرنگی خۆی

هەیە، چونکە پاش گەڕانەوە بۆ لای پۆلیس و شوێنی ڕوودانی تیرۆرکردنەکە، ئەوەندە شیکردنەوەیەکی قورسی ناوێت.
سەرچاوەیەکی بە ئاگا بە چەند پرسیارێك، هەوڵیدا وەڵامی پرسیارەکانی کوردستانپۆست بداتەوە، کە بریتی بوو:
شوێن و کاتی تیرۆرکردنەکە بەلای تۆوە چۆن لێکدەدرێنەوە؟..
لەوەلامدا، سەرچاوەکە لە نێو دووتوێی پرسیارەکاندا، ویستی وەڵامێکی پراوپڕی پرسیارەکەمان بداتەوە. پرسیاری لە هەمووان کرد ووتی:
ئایا تیرۆرکردنی دکتۆر وەکو کات (تەوقیت) چەندە گرێدراوی سەفەری تاڵەبانیە بۆ کەرکوك؟
درێژەی دایە ووتی: مانەوەی تاڵەبانی لەکەرکوك بۆ چەند رۆژێك و ڕوودانی ئەم کارەتیرۆریستییە هەروا لە خۆڕا، بێ پەیوەندی نییە. هەرچی بۆ شوێنی ڕووداوەکەشە ، سەرچاوەکە پرسی و ووتی:
ئەو شوێنەی کە کارە تیرۆریستییەکەی تیادا ڕوویدا، چەندە دوورە لە بارەگا و ماڵی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوك (رەفعەت عبدالله)؟
ئەگەر بە عەدادی ئۆتۆمبێل دووری نێوان هەردوو شوێن، واتە شوێنی ڕووداوەکە و ماڵی بەرپرسی مەڵبەند حساب بکەین، خۆی لە چەند سەد مەترێك دەدات، جێگای باسیشە هەمیشە بەردەم ماڵی ئەو بەرپرسە پڕیەتی لە چەکدار، بە مانایەکی دیکە، لە کاتی ڕوودانی ئەو کارە تیرۆریستیەدا، چەکدارەکان زۆر لێوەی نزیك بوون، ئەی بۆچی ئەو تیرۆریستانەیان دەستگیر نەکرد ؟!
رەفعەت عبدالله وەك بەرپرسی مەڵبەند، کە مێژوویەکی پڕ لە تیرۆر و ئەشکەنجەدانی هەیە لە پاش ڕاپەڕین، بۆ خۆنزیککردنەوە لە تاڵەبانی و کوتلەکەی هیچ ئاستەنگییەك نابینێتەوە. پێشتر لە سەر کوتلەکاریی، کە کوتلەی کۆسرەت بوو، تاڵەبانی لە نێو یەکێتیدا ترۆی کرد و لە دەسەڵاتی خست، بە جۆرێک ئیستقالەی لە یەکێتی نووسی، تاڵەبانیش رەزامەندی یەکسەرەی بۆ نیشاندا.
تۆماری کەسایەتی رەفعەت وەك تیرۆریستێك، لەکاتی کارکردنی وەك قائمقام لە چەمچەماڵ دەستی پێکردووە، وەکوو ئەشکەنجەدانەکانی خەڵکی بێ پەنای چەمچەماڵ لە سەر دەستی ئەم کەسەدا، لاپەڕەکانی ئەمنیستی ئەنترناشیونال لە کۆتایی 1993 پڕن لە تاوانەکانی و،ئەم کابرایە و لەوساوە ماهیەتی دەسەلاتدارانی کورد بە باشترین بەڵگە بۆ دنیا ئاوەڵابوو.. هەر لە سەردەستی ئەم کەسەدا بۆ ئەشکەنجەدان، ئوتوی کارەبای بەکار دەهێنا بۆ گیانی خەڵکی لە چەچەماڵ، قوربانیانی دەستی ئەم جەلادە، دەرپڕی پێکهاتەی دەسەڵاتدارانە لە نێو ستراتیژیەتی شاردنەوەی ڕاستتیەکان و کپکردنی دەنگەکان.
رەفعەت بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە رەهایەی کە لە کەرکوکدا هەیەتی، بیپارێزێت، قێزەونترین کار نەك تەنها لە دژی کەسانی دوور ئەنجام دەدات، بەڵکو ئامادەیە بێ سێودووکردن لە نزیکترین کەسی نێو یەکێتیش ئەنجامی بدات.
دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف، ئەگەرچی تەمەنی سیاسی لە هەڵبەز و دابەزدا بووە، کە وەکوو سیاسی لە ناوە و دەرەوەی دەسەڵاتدارانی بەعسدا جێگەی دەگرت، بەڵام بە دركاندنی ڕاستییەکان، هەرچەندە ژیانیش بەهای هەبوو، بەڵام لە ژیانی خۆی گەڕا و ستراتیژییەت و پیرۆزی ئەو دەسەڵاتە مافیا و بازرگانەی تێکوپێك شکاند، هەروەها کەڵچەرێکی نوێ لە نێو کوردان، بەتایبەتی سیاسەتمەدارانداا ئەفراند، خۆشی دەیزانی چارەنووسی چۆن دەبێت، بۆیە هەمیشە وتوویەتی، کە چی دەبێت ببێت، بەڵام با ویژدان ڕاحەت بێت.
لە کۆتاییدا، کوردستانپۆست، داوا لەو کەسانە دەکات کە نهێنییەکی مێژوویی شاراویان هەیە، با دابنیشن و بە دزییەوە بینووسنەوە، وەکوو گفتوگۆ و چاوپێکەوتن، لەم شێوەیەی دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف ئەنجامی نەدەن، با بەدەستوخەتی خۆیان بینووسنەوە، بینێرن بۆ ئیستا، یان بۆ پاشەڕۆژ لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت،  بە چاپکراوەیی، بڵاوبکرێتەوە. نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان بەشێکی گرنگن لە مێژووی میللەتێک، میللەتێکی زیندوو خاوەنی مێژوویەکی زیندووە، ئەم دوو حیزب و دوو کەسەی وەکوو مەسعود و جەلال ، هەموو شتێکی خراپیان لە دژی کورد ئەنجامداوە، دەیانەوێت مێژووەکەشمان ئەنفال بکەن.

تکایە کلیکی ئەو لینکەش بکەن بۆ خوێندنەوەی دوایین گفتوگۆی د. عەبدولستار شەریف، کە تا ئیستا ئەو گفتوگۆیە نەخراوەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت: